www.kurdistannet.org
02/07/2003 00:18

**ئەم ووتارە پێشکەشە بە پێشمەرگە دیرینە بەریزەکانی یەکیتي نیشتمانی**

# مەنجەڵەکەی مام جەلال

جەزا چنگیانی

سەر بەهیچ ڕێکخراویکی کوردی نیم، وەلیٚ تا سەر ئیسقان و بەرە و خوارتریش واتە مۆخ مرۆڤ دۆست، ئاشتی ویست وکوردستانیم. زۆر شانازی بە ڕێبازی نەتەوایەتیمەوە دەکەم. لە هەر شوێنێك و لە لای هەر کۆمەڵگایەك تووشی گفتوگۆی سیاسی بووبیتم بە ڕاشکاوی ئالای بیری کوردستانیم هەڵکردوە و شانزیم بە ئایدۆلۆژیتی نەتەوایەتیمەوە کردوە. تا ئیستا لە ناو ئەڵمانیەکان و ڕووسەکان و پۆڵن، عەرەب و فارس و چەپی کوردی کە (تا سەر ئیسقان دژی ناسیونالیستی کوردن) کەسانی تریش. کە وەك نەتەوەییەك خۆم ناسیوە یان گفتۆگۆم کردوە. هیچ سوکایەتیەکم پێنەکراوە تەنیا لە لایەن (جەلالیەکان) و (تورکەکانەوە) نەبیٚ ،کوردە (جەلالیەکان)* چنیوەکانیان بە ڕادەیەك تیژڕەوە کە گۆڕەکەی دایکی ڕەحمەتیشمیان زامدارکردوە. . لە کۆڕێکدا لە فڕانکفۆڕت، چەند ڕوژنامەنووسێکی تورك لە بەرچاوی کۆمەڵی ڕۆژنامە نووسی ئەڵمانی کە لەسەر پڕۆسێسی دیموکراتیزەکردنی تورکیا قسەمکرد تفیان لێکردم. وەلی لە تەك ئەم شانازیەمەوە بە هەڵویستی نەتەوایەتیمەوە. شەرمەزارم بڵێم هێندەی (پەنجە تووتەیەکی پیشمەرگەیەك) دڵسۆزی کوردستان و نەتەوەی کوردم. (هیچ سەرکردەیەکی سیاسی لە کوردستاندا بیٚ بوون و قوربانی وخەباتی پێشمەرگە نرخی نیە.) چونکە هیچ سەرکردەیەك ناتوانی قولانجیك هەنگاو بنیٚ بیٚ بوونی پێشمەرگە. بۆیە پێشمەرگە بەرێز نیە، بەڵکو پیرۆزە. لە پێناوی گۆڕانکاریدا قوربانی دەدا. با نەخوێندەواریش بێت، مادامێکی بڕوای بە گۆڕانکاری هەیە یانی لە لووتکەی هوشیاریدایە.

بۆیە لێرەدا و لە هەموو شوێنێکدا بۆ (پیشمەرگە) بەڕێزەوە دەچەمێمەوە.

ئیستا چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە دەقاو دەق ڕاستە. بەپیٚ ئەو نوسین وبەڵگە و سەرگورشتانەی تائیستا دەماو دەم و نەوە دوای نەوە بۆ مۆسۆڵمانەکان ماوەتەوە، ئیمامی عەلی یەکێك بووە لە باشترین و پاکترین و هوشیار ترین خلیفەی موسوڵمانەکان (دەڵێت ئافرەت هێندە پیرۆز و ناسکە گوناهە بە گوولیش لیٚ بدریٚ. یان دەڵێت مندالەکانتان وەك خۆتان پەروەردە مەکەن) . دەگێڕنەوە هێندە کەسێکی سادەبووە لە تەك خەڵکی ڕەش و ڕووتی سادەدا جیاوازی نەبوە، چ لە جل و بەرگدا چ لە خانوو و خواردن و گوزەرانیدا. چەند ژیا، گرنگ نیە گرنگ چی بۆ میژوو بە جیٚهیشتوە. ئیمامی عەلی زیاد لە١٥٠٠ ساڵ لە مەوبەر ژیاوە و خاوەنی ئەم هەست و ڕەوشت ومۆڕاڵە جوانە بووە، کە منی نا شیعە و ناسوونی نا موسڵمان ئاماژەی پێدەکەم. بابزانین سەرکردەییەکی چەپی ساڵی ١٩٧٦ و سۆسیال دیموکرتی کوردی ئیمڕۆ چۆن بووە !!!!!

کە هەرەس ڕوویدا. شۆرشی نۆی دەستی پێکرد. چونکە مرۆڤی کورد بریندار و تامزرۆی ئازادی بوو لە ماوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا شۆڕش گەشەی کرد. بناغەی شۆڕشی نۆی، کۆمەڵی پێشمەرگەی قارەمانی کۆمەڵە و دواجار یەکیتی بوون. ئەم پیشمەرگە سەرەتایانە هێندە بەرێز وپیرۆزن شایەنی هەموو ڕیز و ناوهێنانینێکن، شۆڕشێك دوای هەرەس دروست ببیت و پشت وپەنای تەنیا خەڵکانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بووبێت. دەبیٚ ئەندامانی ئەو شۆڕشە لە چ ژیان و گوزەرانێکدا بووبیتن ؟؟؟. نەك تەنیا من، دڵنیام لەوەی کەسانێکی زۆر هەن سەرگورشتەی زۆر سەرنج ڕاکیشیان لایە. کە ئەم سەرگورشتانەش لە ڕاستیدا بەشێکن لە میژوو، بەلاّم ڕەنگە نەویرن بیدرکێنن. پیشمەرگە سەرتایەکانی بزوتنەوەی نۆی نەتەوەکەمان ژیانیان گەلیٚك سەخت بوو، بە نانە ڕەقە و برسیتی و گوزەرانی پەنا ئەم بەردو ئەو کونە شاخ، ژیانێکی پڕ ترس و بقەی هیزی دڕندەی ڕژێم و بیٚ بەرگی و سەرمای زستان و گڕەی هاوین و بیٚ شوینی. تەنگی بەو کوڕە قارەمانە ڕۆح لەسەردەستانەی شورشی نۆی هەڵچنی بوو. وەلی چونکە بڕوایەکی تەواویان بە خەبات و ئەرکی نەتەوایەتیان هەبوو. ڕۆژ بەڕۆژ وورەیان بالاّدەبوو. کۆمەڵی پیشمەرگەی لاوی داماو بە چیلکە و چەواڵ. کوخێکیٚان لە نزیك خێمەکەی مام جەلالەوە دروستکردبوو. خۆاردنی ئەم پیشمەرگە قارامانانە نان وچا و چا و نان و نان و ماست و

ماستاو نان دەبیت. ڕۆژیك پێشمەرگەیەك هەندی ساوەر لەیەكی لە دیهاتەكانی ئەو ناوچەیە پەیدا دەكات، وەك دیارییەكی گرنگ و خواردنێكی بەتام دەیهێنیتەوە بۆ كۆخەكەیان. مژدە بە هاوڕیی پێشمەرگەكانی دەدات ئێمرۆ دەتوانین بە ئارەزوو خۆمان خواردنی باش (ساوەر) بخۆین. پێشمەرگەكان بەم دەستكەوتە زۆر دڵخۆش دەبن، وەلیٚ كە بیر لە لێنانی ساوەرەكە دەكەنەوە بیٚ مەنجەڵی یەخەیان دەگری و بە نا ئومیدی بە دیار ساوەرەكەوە دادەمێنن. یەكێك لە پێشمەرگەكان بیر دەكاتەوە دەڵێت مام جەلال مەنجەڵێكی هەیە تا لێرە نیە با بچین بیهێنین و ساوەرەكەی پێلینین. هەندی لە پیشمەرگە برسیەكان ڕازی نابن و دەترسن و دەڵێن مام جەلال پیٚ بزانی لێمان دەكات بە قوزەڵقورت، هەندیكی تریشیان شورشگێرتر و برسیتر دەبن پێدەنین بەدڵیاندا و دەچن بۆ لای خزمەتكارەكەی مام جەلال (واتە لێپرسیراوی خیمەكەی مام جەلال) پیشمەرگەكان خوازبێنیەكی كوردانەی مەنجەڵەكە لە كاكی خزمەتكار دەكەن و هەندیكیشیان بە شێوەی پاڕانەوە. خزمەتكارەكە لە بەر ئەوەی مام چاك دەناسیٚ.

پێیان دەڵی :

– براكانم بڕواتان بیٚ بێتەوە مەنجەڵەكە نەبینی ئەوە پیشەكی بە گۆچانەكەی فەلاقەیەكی باشم دەكات و ساوەرەكەش لە ئیوە دەكات بە قوزەلقۆرت، پیاوی چابن با ئەم ساوەرە نەخۆن و با منیش تووشی گێچەڵ و فەلاقەی گۆچان نەبم.

پێشمەرگەكان هەر چۆنیك بێت دڵی خزمەتكارەكەی مام جەلال نەرمدەكەن و مەنجەڵەكەی لێوەردەگرن. خزمەتكارەكەی مام جەلال كوڕێكی هەژار و دڵفراوان دەبیٚ پێیان دەڵی :

– برای چاك بن هەوڵبدەن پێش هاتنەوی مام جەلال مەنجەڵەكە بهێننەوە.

پیشمەرگەكان بە دڵخۆشی و پێكەنینەوە بە مەنجەڵەكەوە دەگەڕینەوەبۆ كوخەكەیان. ساوەرەكە لێدەنین بە هیوای ئەوەی دەم بكێشی بە دیارییەوە دادەنیشن، هەندی لە پیشمەرگە قارەمانەكان چونكە ماوەیەكە لەو خۆاردنە بەتامە (ساوەر) دوور بوون بە دیار مەنجەڵەكەوە دەستدەكەن بە نووكە نووكی گۆرانی. ئەم پێشمەرگە قارەمانانە داماوانە چونكە ئەستیرەی بەختیان لە ئاسمانی مام جەلالدا بە هەورێكی تورەی تەلخ ووندەبیٚ، هەمیشە چاوەریانكردوە لیزمە بارانی تورە و هەورە تریشقەی گۆچانیان بەر كەویٚ. مام جەلال كە دەگەڕێتەوە ناو چادرەكەی و هەستدەكات شتیك دیار نیە و مەنجەڵەكەی نەماوە. كەمێك ناوچەوانی دەدا بەیەكدا و لە خزمەتكارەكەی دەپرسی :

– كوا مەنجەڵەكەم ؟

خزمەتكارەكەی كە ئاشنای گۆچان وەشاندنیتی بەترس و لەرزەوە دەڵی :

– قوربان مامە گیان ئەو پیشمەرگانە هەندی ساوەریان پەیداكردوە، زۆر تكایان لێكردوم مەنجەڵەكەیان بدەمیٚ. بەزیم پیاندا هاتەوە دامنیٚ.

مام جەلال بە هێزی گۆچانەكەی هەڵدەسێتە سەر پیٚ و، دەچی بۆ كوخی پیشمەرگە برسی و داماوەكان. كە سەیر دەكات دەوری مەنجەڵەكەیان داوە. بێگومان دوای چەند گۆچانیك مەنجەڵ ساوەرەكە قلێپدەكاتەوە. ساوەرەكە لە بەردەمی پیشمەرگە داماوەكاندا هەڵدەریژیٚ. مەنجەڵەكە دەباتەوە بۆ چادرەكەی. . . . . دوای ئەم چالاكییە قارامانیتیە، مام ئەو شەوە بە ئاسودەترین ڕۆحەوە لە ناو چادرەكەیدا. تلدەدا و پیشمەرگە برسیە داماوەكانیش لە تاو غەمی ساوەرە ڕژاوەكە و برسێتی تا بەیانی خەو لە چاویان دەزڕییٚ،

**خۆینەری بەریز ناوەرۆكی ئەم چیرۆكە لە مۆدیرنترین دەستگای یەكیتیەوە واتە تەلەفزیونی (كوردسات) دوە شەوەی ٢٠٠٢/١٠/١ لە چاوپێكەوتنێكدا كە خوشكی بەڕیزی ڕۆژنامەوان (تاڤگە محەمە) لە تەك برای پیشمەرگەی دیرین بەرێز (هاوڕیٚ جەبار) وە سازاندبووی. . گێڕایەوە. هەرچەندە برای بەرێز (هاوڕی جەبار) ئەم چیرۆكەی بەو مەبەستە گیڕایەوە وەك شانازی و نزیك بوونی لە مامەوە. وەلی بۆ من ئەم چیرۆكە كرۆكێكی سیاسی هەیە بە پیویستم زانی بەرگێكی سیاسی و ویژەی بە بەردا بكەم و وەك لاپەڕەی میژووی سەركردەیەكی سوسیال دیموكراتی كورد. نیشانی ویژدانی بدەم.**

*جەلالیەکان مەبەستم دەرویشەکانی مام جەلالە نەك (یەکیتي)

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org